# ماسیی بێ پوولەکە

حەمەسەعید حەسەن

بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی سوێد کە هاوزەمان بەڕێوەبەری ئینتەرپوڵ، واتا پۆلیسی دنیاش دەبێت، لە سوێد لەبەردەم قوتابخانەیەکدا کە دەبێت لەسەر 30 لێ بخوڕێت، تۆزێک تیژتر لێ دەخوڕێت. لەسەر ئەو سەرپێچییە، پۆلیسێکی ئاسایی ڕای دەگرێت و هەر لەوێدا سزای دەدات و هەواڵەکەش لە ماسمیدیای سوێددا، بڵاو دەکرێتەوە. پۆلیسێکی قەڵەندەری هاتوچۆی سلێمانی، پێی وا دەبێت لە مەسەلەی ڕێز لە یاساگرتندا، سلێمانیش ستۆکهۆڵمە، بۆیە لەبەر خێرا ئاژۆتن، ماشێنی جێگری وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی ڕا دەگرێت و داوا لە شوفێرەکەی دەکات کە بە هێمنی لێ بخوڕێت، پاسەوانی جێگری وەزیریش ‹نایکاتە نامەردی،› یەک زللەی شۆڕشگێڕانەی وای تێ دەسرەوێنێت، کڵاوی سەری با دەیبات. باش بوو یەکسەر پۆلیسی زللەخواردوو لە زیندان توند کرا، ئەگەر نا، فەقیرە دەبوو دوای کڵاوی زللەبردوو، کەوتبا.(١)

*

هەشت ساڵی تەواو بەر لە ئێستا لە ساتیرەشیعرێکدا گوتبووم: (ژمارەی دزانی نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێندەی ژمارەی ئەستێرەی ئاسمانە.) سوپاس بۆ مام جەلال کە لەم دواییەدا، ئەویش هاتە سەر قسەی من و هەموو کارمەندانی دەزگای شەهید و هەموو ئەندامانی هەموو لیژنەکانی شتومەک کڕینی هەموو فەرمانگەکانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەسەر دزی دەر کرد. دەڵێن بڕیاری داوە، هەر بە دەرکردن لەو دزانە خۆش نەبێت، بەڵکوو بە دادگاشیان بدات، وەلێ من وەک یەکێتیناسێک، پێم وایە کێشەی ئەو دزانەش، وەک مەسەلەی فایلڕەشەکان، دیزە بە دەرخۆنە دەکرێت.

*

لە سیستەمی شیعەدا، عەلی سیستانی بە باڵاترین پۆست گەیشتووە، ئەو لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، لە دوای کۆچی دوایی ئەبولقاسمی خوئییەوە، مەرجەعی باڵایە، یان دروستتر، مەرجەعی تەقلیدە، واتا، هەرچی ئەو گوتی، دەبێت پێڕەو بکرێت. بە گوێرەی ئەو پلە و پایەیەی، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئیجتیهاد بکات و بەو جۆرەی دەخوازێت، قورئان و فەرموودەی محەممەد لێک بداتەوە. من دەزانم سیستانی بۆچی دژی خواردنی گۆشتی بەرازە، ئاخر بە گوێرەی دەقی قورئان حەرام کراوە، وەلێ نازانم و خوازیارم بۆمی ڕوون بکاتەوە، بۆچی شیعە مافی ئەوەی نییە، گۆشتی ماسیی بێ پوولەکە بخوات؟(٢)

2004. 09. 10

(2) Bengt Albons. Storayatollan en fredsivrare, D.N s.13 Stokholm 2004. 08. 28

(٢) هاوڵاتی، ژ١٩٠ ل٢ سلێمانی ٢٠٠٤/٩/٨